# ئیسلامییەکانی نێوان دەعوە و سیاسەت

سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com



بە هۆی قبوڵکردنی ئەو پرەنسیپە مەدەنی و عەلمانییانەی وڵاتی تورکیای لەسەر دامەزراوە، دەتوانین بڵێین پارتی داد و گەشەپێدانی ئەو وڵاتە (سەرەڕای ئەو تێبینییانەی لەسەری هەیە)، بەڵام توانی ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتووی حزبی سیاسی ئیسلامی لەسەر ئاستی جیهان و بووە مارکەیەك بۆ ئەوەی کۆپیبکرێتەوە، تەماشای ئیخوان موسلیمینی میسر بکە، کە نزیکەی سەدەیەك تەمەنییەتی، کەچی ئێستا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، بەو گوتارەی کە لەو ماوە دووردرێژەدا هەیبووە، ناتوانیٚ بچێتە ناو کێبڕکیٚ سیاسییەکانەوە و ناتوانیٚ بەو گوتارەوە وڵات بەڕێوە ببات!! چونکە وڵات تەنها یەك گروپ و ئایینی تێدا ناژی، لە دنیای ئەمرۆدا ناکریٚ لایەنێك ببێتە دەسەڵاتدار و بە ئایدۆلۆژیایەکی تەسکی ڕەفزکەرەوە، حوکمی وڵات بکات و پێکهاتەکانی دیکە فەرامۆش بکات, یان تەنها بەو باوەڕە حوکم بکات کە خۆی هەیەتی، تەنانەت لایەنگرانی خۆشی ئەمەی لیٚ قبوڵ ناکەن.

هەر لەم سۆنگەیەوە ئیخوانەکانی میسر گەیشتنە ئەو باوەڕەی پشت لە بەشێکی باوەڕی لەمێژینەی خۆیان بکەن کە باوەڕیان بە دەوڵەتێکی ئایینی ڕەها هەبوو، لە پاڵ حزبە دەعەوییەکەیان، حزبێکی سیاسی پاشخان ئیسلامییان بۆ ململانیٚ سیاسییەکان دروست کرد، بیٚ ئەوەی ناوی (ئیسلامی)یشی پێوە بێت، تەنانەت لەم حیزبەدا کەسانی غەیرە ئیسلامی بە ئەندام وەردەگرن.

حزبی نەهزەی تونس و داد و گەشەپێدانی مەغریبیش کە لە هەڵبژاردنی وڵاتەکانیاندا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەوڵەتی ئایینی ڕەها سەرکەوتن بەدەست ناهێنیٚ و پێویستە ڕێگایەکی دیکە بگیرێتەبەر، پێش دەچێت ئەو ڕێگا (پێویستە)یان دۆزیبێتەوە.

هەر بە هۆی ئەو گۆڕانەی بەسەر کاری حیزبە ئیسلامییەکاندا هاتووە، قەبارەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواش، بەرامبەر سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە وڵاتانی عەرەبی، لە ئێستادا وەکو جاران نییە، ڕۆژئاواییەکانیش دەزانن کە ئەو ئیسلامییانەی ئێستا دژایەتییەکی ڕەهای ڕۆژئاوا و گروپ و پێکهاتە نائایینی و غەیرەئایینییەکانی ناوخۆشیان ناکەن و لەگەڵیان هەڵ دەکەن.

هەرچی پەیوەستە بە کوردستان، دەبیٚ ئیسلامییەکانی ئێرەش بە هۆی بەشدارییان لە حکومەت لە ماوەی ڕابردوودا و تاقیکردنەوەی چەند پۆستێکی جیاواز، لەوە تێگەیشتبن حوکمکردنی بە

کردار، زۆر جیاوازە لەو قسەوباسە تیۆریانەی کە هەن، بۆیە پێویستیان بە کرانەوەی زیاترە، رەنگە خۆشیان گەیشتبنە ئەو باوەڕە، بۆیەشە رەوتێك لە ناو ئەم حزبانەدا دروست بووە کە داوای کرانەوەی زیاتر و جیاکردنەوەی دەعوە و سیاسەت لەیەکتر دەکەن.